# بەڕوخسەت ... ڕەسمێك دەگرم !!

**هێمن حمه جزا**

**ڕەنگە لەیادەوەریتا ... نەمابێ !**
**ڕەنگە قەت ... بیرت نەکەوێتەوە !**

( ئەمە قسەی ئەو هاوڕێ گومانکارەمە کەپێکەوە لەژورێکدا دەژیاین و ...
کاتێك من بۆ نوسینی ئەم دەقە بۆ ماوەیەك بەجێم هێشت ،
وەلێ ئەفسوس لەگەڕانەوەمدا ، نەمدییەوە !! ئەوەی پاش خۆی بۆی جێهشتبوم ،
تەنها ئەم دێڕە شیعرەو چەند دڵۆپێك خوێنە ... کە بەئاوێنەی ژورەکەمدا هەڵپڕا بوو ..،
لەوە دەچوو ............ !؟ )

**ڕۆژێك دێت ،**
**بەجوتێك دارشەقی منالآنەوە**
**بەلاتا تێئەپەڕم و**
**نامناسیتەوە !**
**ڕۆژێك دێت ،**
**بەدەم تواننەوەی کلۆیەك شەکرەوە**
**کوێر ئەبم و**
**بیرت ناکەومەوە !**
**ڕۆژێك دێت ،**
**لەمبەری بەیانییەوە**
**بۆ ئەوبەری ئێوارە ...،**
**کتێبێکت لەمێژوو**
**بۆ دەخوێنمەوە و**
**دیوانێکت لەخورافە**
**پێئەزبەر ئەکەم و**
**بەیتێکت لەوەفا**
**بەسەردا ئەخوێنم ...**

ئەفسوس ،
نایەمەوە زەینت !
ئیدی تێدەگەم ..،
" کەژیان ...
چ وڕێنەیەکی منالآنەیەو
لەدڵیشەوە ،
کەسێك ... ئاشنا بەدەنگی
وەلێ زۆر درەنگ ،
پێم دەڵێ :
وێڵیکە ،
ژیان ..،
سۆفییەکە ... پڕ لەخەتا !
زێوانێکە ... پڕ لەتاوان !
وێڵیکە ،
ژیان ... هیچ نییە ... هیچ !
جگە لەگوناهێکی گەورە
ژیان ... هیچ نییە ... هیچ !! "
بەڕوخسەت ... ڕەسمێکم بگرە!
ڕەسمێك ..،
کەچۆن بەباوەشێك ڕیحانەوە
خۆم دەکەمەوە بەماڵی خوداداو
هێشتاکە ... تەڕم ،
بەبۆنی کوفرو
بەبۆنی نزا !
لەسەر سنگی سەوزایی ڕائەکشێم و
ڕەسمێکم بگرە ...!
کەچۆن لەدڵەوە پێکەنینم دێ ،
بەئاسودەیی ...
ئەو کچەی کەدڵی خۆشە ،
بەنیشتنەوەی پەپولە لەسەر دەستەکانی و

پڕ بەماڵ دەقیژێنیٚ :
" ئەها ... دایکە ،
هیٚشتاکە چەند پاکیزەو
هیٚشتاکە چەند میهرەبانم ! "
ڕەسمیٚکم بگرە ...!
کاتیٚك ،
لەو پەڕی توڕەیدام
لەنامەی ئەو کوڕەی ،
کە بۆ کچیٚکی نوسیوە :
" ئەزیزم ...
تۆ بۆنی خودا لەهەناسەکانتەوە دیٚ و
دڵت ،
وەختە بڵیٚم :
شتیٚکە لەچەشنی نور !
ئاخر هیٚشتاکە تۆ ...،
پڕیت لەعەشق و
پڕیت لەمیهر !! "
بەڕوخسەت ... ڕەسمیٚکم بگرە !
ڕەسمیٚك ..،
کەچۆن بەوهەموو بیٚئۆقرەییەمەوە ...
دەمەویٚ ،
پیٚکەنین ... بدەمەوە بەدەریا و
بەلیمۆیەك ... دۆزەخ و بەهەشت ، ئاشت کەمەوە !
بەغرورەوە بەکچیٚك بڵیٚم :
تەنهایی ... هیٚندە سانا نییە .. !
کەوەك ئەوەی دڵت دەیخوازیٚ ،
ئیٚوارەیەك ..،
دور دور بیبەیت و
لەلوٚچی کۆلاٚنیٚکا ... ویٚڵی کەی !!
تەنهایی ..،

شتێکە لە پەلکی گیا ...!
هەمیشە لەباراندا ،
پەستییەك دایدەگرێ و
ڕێ هەڵە ئەکا !
لەگەڵ فڕیندا ،
سەر بەیەك ڕەگەزن و
لەتوخمی ( سێبەر )ن ..!
تەنهایی ...،
شتێکە بچوك بچوك ...!
هێندەی دەنکێك زەنبیانە ،
لەناو سەبەتەیەك مورودا ...
هێندەی بیرکردنەوەی پاسارییەك ،
لەسەفەری ئێوارەیەکی درەنگ ...
هێندەی گەینی سێوێك ،
لەسەر عەرەبانەیەکی پڕپڕ ... لە میوە !
تەنهایی ...،
شتێکە لەئاوازێکی غەمگین ...!
کاتێك بەڕێگادا دەڕوات ،
جێ پێکانی پڕئەبن لەئاو و
لەگەڵ نیشتنەوەیدا ،
ڕەنگی لێئەبارێ و
کاتێکیش ... سەما ئەکا ،
پڕدەستمان ئەکا ...
لە عەتر !
لەوکاتەدا ... ڕەسمم بگرە !
کەسیخناخم لەبۆنی ساردی ،
ژیان و
شپرزەم ...،
بەجوابدانەوەی ئەو هەموو سلاّوە !
بەڕوخسەت ... ڕەسمێکم بگرە !

ئەودەمەی خەیاڵم سپی سپی دەچێتەوە و
بەدوی خۆمدا وێڵم !
بەسەر ڕەشترین شوێنی ئەم بیرکردنەوەیەدا ڕائەکەم و
ڕەسمێکم بگرە !
کەچۆن لەدڵەوە گاڵتەم دێ ،
بەقسەی ئەو مامۆستایەی …،
کەهەمیشە پێی‌دەوتین :
" پێویستە ئێوە …
هەر ڕۆژەی لە پۆلێك و
لەجێگەیەکی جیاوازدا … دابنیشن ..!
ئەگەر نـــا ،
من دڵنیام ڕۆژێك …
یادەوەری ئەتانکوژێ !
ئەو نیشتیمانەی کەبۆ هەمیشە ،
هاوتەرییە لەگەڵ شکستا …
پڕتان ئەکا ،
لەهستریا ..!
عەشق ،
کەلەیاساکانی مندا ..
بەردەوام ،
یەکسان دەبێتەوە بە " سفر "
وردو خاشتان ئەکا ..!
تکایە ،
بەر لەدەستپێکردنەوەی ئەم جەنگە …
بۆ جارێکی‌تر ،
زاکیرەتان پڕکەنەوە … لە ئاو و
جێگۆڕکێیەك بەم کورسیانەتان بکەن !! "
بەڕوخسەت … ڕەسمێکم بگرە !
ڕەسمێکم بگرە …،
ئەو دەمەی لەگەڵ بەربونەوەی هێشویەك ترێدا ،

دڵم دائەخورپێو
نزیك ئەبمەوە ... لە مردن !
ئەو دەمەی سەرێك دەکەمەوە بەماڵاو ...
دایکم دەبینم ،
لەگەڵ ... خوێی و
دوعاکانی و
کۆترەکانیا ... بەشەڕ هاتووەو
خەریکە نزیك ئەبێتەوە ... لە مردن !
ڕەسمێکم بگرە ..،
ئەوکاتەی دڵی گەیوی باخەوانێك ئەدەمەوە ،
بەزەمیلەیەك هەنار و
مشتێ جگەرە و
پڕگیرفانێك باران !
ئەوکاتەی قەترە قەترە دڵی خوساوی ،
ئەو ژنە گیتارژەنە کۆدەکەمەوە ..،
کە سکی پڕە بەهەتاو و
ئێواران وەك شتێ ،
پەستی دایدەگرێ !
ڕەسمێکم بگرە ..،
ئەو لەحزەیەی ،
لێوم بە پەرداخێك ... گۆرانی تەڕ ئەبێ !
ئەو لەحزەیەی ،
جوانی لەسەر دەستەکا نمەو
دەنك دەنك ... ڕوناکی ئەدەمێ !
ئەو لەحزەیەی ،
نامەیەکم پێدەگاو
بەکردنەوەی ... بارانم لێ ئەبارێ !
بەڕوخسەت ... ڕەسمێکم بگرە !
ڕەسمێکم بگرە ..،
کاتێك ،

**له پڕێکاو ...**
**به پرتاو ،**
**خۆم دەکەمەوە بەژوراو**
**لەئاوێنەکەوە ،**
**کەسێك ...**
**وەك شتێ کەهەرگیز نەمدییێو**
**تەواو نابەڵەد بە خۆم ..!**
**پێم دەڵێ :**
**" وای ... چەند درەنگ هاتیتەوە ..!**
**هێندە پیربوی ،**
**دەڵێی تەواوی ژیانت دیوە ..! "**
**تۆ ... سەیرکە !**

**(** ئەفسوس کاتێك گەڕامەوە ... هاوڕێکەم تەواو بێزاریو چاوەڕوانی ،
تەنگی پێهەڵچنی بوو ... تادواجار ( ........... ) !! بەلاّم بەر لەخۆکوشتنەکەی ،
ئەم دێڕەی لەسوچێکی ئاوێنەکە بەقەڵەمێکی سور بۆنوسیبوم ... ! **)**

**ڕەنگە لەیادەوەریتا ... نەمابێ !**
**ڕەنگە قەت ... بیرت نەکەوێتەوە !**

" هاوڕێم ... ڕۆژگارێکی زۆرو زەوەند چاوەڕێم کردیت ...،
هەمیشەو وەك عادەتی ، خۆم بەگۆرانی وتن و هەندێك جار بەخوێندنەوەوە خەریك دەکردو
لەدڵێشەوە دەموت : ئێستا نا تۆزێکیتر ... هەردێتەوە ...، بەلاّم بەداخەوە !!
شەوگارێکی زۆریش بەدەم جگەرەکێشانەوە نەخەوتوم و هەرچاوەڕێت بووم !
بۆیە بڕیارمدا تاتۆ دەگەڕێیتەوە سەیری ئاوێنە نەکەم ، تاکو بەشێواوی و پیربونما ،
بڕوابکەی چەندێك چاوەڕوانی هاتنەوەت بووم ... بەهەرحاڵ من ڕۆیشتم ... خواحافیز.. !! "

............................................................
..............................................
..................................................

بەڕوخسەت ... ڕەسمێکم بگرە !
ڕەنگە منیش ، ...................... !!

مانگی ( ٦ بۆ ٩ / ٢٠٠٥ )
- سلێمانی -